هەمام حەمودی: ئەرکی هێزەکانی حەشدی شەعبی پاراستنی عێراقە



سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق پشتگیری کردووە کە ئەرکی هێزەکانی حەشدی شەعبی پاراستنی وڵاتی عێراقە، و داوای یەکگرتوویی هەموو هێزەکانی کردووە بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکاری ئەمریکا لە عێراق.

"هەمام حەمودی" لە وتارێکدا لە کۆنفرانسی مەجلیسی باڵای ئیسلامیی عێراق بە بۆنەی حەوتەمین ساڵڕۆژی پێکهێنانی یاسای حەشدی شەعبی لە مەجلیس وتی: داعش پڕۆژەیەکی زایۆنیستی-ئەمریکییە بۆ کردنە ئامانجی عێراق و بەشێک لە وڵاتانی ناوچەکە و شێواندنی ئیسلام.

جەختیشی کرد: هێزەکانی گرووپی تیرۆریستی داعش شکستیان خوارد و گەلی عێراق دوای فەتوای مەرجەعییەتی باڵا و بە هاوکاری حەشدی شەعبی بەرامبەر ئەم گرووپە سەرکوتنی بەدەستهێنا.